
# ئەنفال



خاڵەبەکر
bakeramin@hotmail.com

گەر باران، سەمای بیرچێتەوە...؟
بەفریش گۆرانی بیرچێتەوە...؟
( با )ش مۆسیقای بیرچێتەوە...؟
( سروشت ) یش ئەمەك و، وەفای ئینسانی بیرچێتەوە..؟
مەحاڵە، من، ئەنفالم، بیر،بچێتەوە..؟

بۆیە لە تەمەنی کچەکەمەوە..؟
کزۆڵەتر، لەدواساتەکانی هەتاوی پایز..،
کزۆڵەتر،لەچاك و خۆشی، نێوانی دوو ئازیز ..؟
کزۆڵەتر، لەدواساتەکانی ماڵ ئاوایی بەفری زستان...،
کزۆڵەتر، لەنەشئەو لە نجەولارو، عیشوەو نازی، کەوی کوێستان..،
کزۆڵەتر، لە لێدانی دڵم..،
دەڕوا نمە، ڕەنگ و ڕووی سروشت و دواساتەکانی ژیان...؟
کزۆڵەتریش،
چاوەکانم بزەیان دێ، بۆ کەروێشکەی گوڵەگەنم و سەوزەگیای دەم سیمفۆنیای سروەی بەیان...
کزۆڵەتریش، کچەکەم بە پە نجەی شایە تمانی..؟
کەزیەی خاوی دەنێتە پشت گوێکانی،

لام یەقین بوو،
دەمزانی،
ئایەتێك هەیە، کوردوستان دەکات، بەئەنفالستان...
لام یەقین بوو،
دەمزانی..؟
حەرفەکانی ئایەتەکانی ئەنفال دەبنە مە نجەنیق و ڕم و شمشێر..؟
بیابانەکانی( عەرعەر ) یش دەبێتە مەنزڵگای گوندەخەواڵوەکەم..؟
قوڕگی پێغەمەریش، دەبێتە گۆڕی بەکۆمەڵی، تر پەی دڵ و، ڕازو نیازو، خواسەکەم,,؟

کزۆڵەتر،بەدیار،دوا تیشکی چراکانی ئەو شەوەوە..؟
دەرونم کردبوو بەمەلۆتکەو،ناخیش، توانای نەبوو باوەشی بۆ بگرێتەوە....؟

سەبای ساڵحان...!!

ئاسمان ..،

لەجیاتی خۆر،دەست و پە نجەی پێغەمەرو پەڕەموچەکەی نیشان داین.!

سەر لەنوێ ئایەتی ئەنفالی وەیادهێناین...!

بۆیە لە تەمەنی کچەکەمەوە..،

باڵندەکان کزۆڵەتر،

لەژێر ساباتی درەختەکانا هەڵدەکورمێن..!

مێرۆکانیش بێ بڕست و، کزۆڵەتر، بەقەدی درەختەکانا  هەڵدەگەڕێن...!

قەدی درەختیش،

کزۆڵەتر، بەیانی باش لەخاك دەکا..!

چەمیش،

کزۆڵەتر، دەست بەسەر سەری جۆگەلەدا دەهێنێ..!

ڕووباریش،

کزۆڵەتر، دەست بەسەر سەری چەما دەهێنێ...!

دەریاچەش،

کزۆڵەتر، دەست بەسەر سەری ڕووبارا دەهێنێ...!

(کانی )ش کۆرپەیەکی ژێر کلاشی دۆمی و ڕێ پیشاندەری پۆستاڵ بوو، هەر لەوێدا پێش هەمویان ئەنفال کرا.!

سەدوهەشتاودووهەزار شکۆفەشم بەبەردەمی زیهنی پێغەمەرا، ڕا پێچکرا..!

گوڵەبەییونەکانی هەڵە بجەشم لەباخی خۆیا، هەڵپڕوکا...!!!

* * *

